

# سەگی بەرەڵڵا

سادق هیدایەت
لە فارسییەوە: خالید فاتیحی
(ڕانیە)

مەیدانی شارۆچکەی وەرامین لە چەند دووکانی بچووکی نانەوایی، قەسابی، وردەواڵەفرۆش، دوو چایخانە و سەرتاشخانەیەک پێک هاتبوو، هەموویان بۆ پێشگیری لە برسێتی و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، کەڵکیان لێ وەردەگیرا. مەیدان و خەڵکەکەی لەژێر هەتاوی گەرم و تاقەت پڕووکێندا، بە ئاواتی یەکەم شنەبای ئێواران و سێبەری شەو بوون. خەڵکەکە، دووکانەکان، درەخت و گیانداران، لە جموجووڵ کەوتبوون. هاڵاوێکی گەرم قورسایی خۆی خستبووە سەر و تەپوتۆزێکیش بەری ئاسمانی شینی گرتبوو، بەهۆی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکان تا دەهات تەپوتۆزەکە زیاتر دەبوو.

دارچنارێکی کۆنەساڵ لەلایەکی مەیدانەکە بوو، بەڵام بە کەللەڕەقی پەلوپۆی خێچ و خواری بڵاوکردبوونەوە و لەژێر گەڵا تۆزاوییەکانیدا سەکۆیەکی پان و گەورەیان دروست کردبوو. دوو منداڵ بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد و برنج بە شیر و دەنکە کوولەکەیان دەفرۆشت. ئاوێکی قوڕاو و بۆگەن، هێواش بە جۆگەی پێش چایخانەکەدا تێدەپەڕی.

تاکە خانوویەک کە سەرنجی ڕادەکێشا، بورجی بەناوبانگی وەرامین بوو کە لادیوارە قەڵشاوەکانی لەگەڵ منارەکە دیاربوو. ئەو چۆلەکانەی لە قەڵشتی کۆنە دیوارەکاندا هێلانەیان چێ کردبوو، لەبەر ئەو گەرمایە شەکەت بووبوون– وەنەوزیان دەدا. ناوەناوەش سەگێک دەیقرووسکاند و بێدەنگییەکەی دەشکاند.

سەگێکی سکۆتلەندی بوو کە لمۆزێکی زەرد و خاڵێکی ڕەشیشی لە پێی هەبوو، دەتگوت بەنێو

زەلکاواندا غاری داوە و لێیان داوە. گوێچکە پان و شەوێلاگە ئەستوور، کلک و تووکێکی بریقەداری هەبوو. لە قووڵایی چاوەکانیدا ڕوحێکی ئینسانی دەبینرا، لە نیوەشەوێک کە هاتبووە ژیانەوە، شتێکی بێ کۆتایی لە چاوەکانیدا شەپۆلی دەدا و پەیامێکی پێ بوو کە نەدەزانرا، بەڵام لە پێڵووی چاوەکانیدا گیری کردبوو. ئەوە نە ڕووناکی بوو نە ڕەنگ، شتێکی تری باوەڕپێ نەکراو هەروەک ئەو شتەی لە چاوی ئاسکێکی برینداردا دەبینرێ، هەستی پێ دەکرا. نەک تەنیا لێکچوونێک لەنێوان چاوی ئەو و مرۆڤدا هەبوو، بەڵکوو جۆرێک هاوسەنگی تێدا دەبینرا. جووتە چاوێکی مەڕی پڕ لە دەرد و ئازار و چاوەڕوانی، کە تەنیا لە قەپۆزی سەگێکی سەرگەرداندان دەبینران، بەڵام وا دیاربوو کەس چاوە پڕ لە ئومێد و پاڕانەوەکانی ئەویان نەدەدی و تێی نەدەگەیشتن. لەپێش دووکانی نانەوایەک شاگردێک بە تێلا لێی دەدا، لەپێش دووکانی قەسابیش شاگردەکە بەردی تێ دەگرت. ئەگەر پەنای بۆ سێبەری ئۆتۆمبێلێک دەبرد، پێلەقەی پێڵاوە بزمارڕێژەکانی شۆفێر وەکەلەکەی دەکەوت. کاتێک هەموویان لە ئازاردانی ماندوو دەبوون، منداڵە شیربرنج فرۆشەکە چێژێکی تایبەتی لە ئازاردانی وەردەگرت. هەرکاتێک دەیقرووسکاند بەردێک وە کەلەکەی سەگەکە دەکەوت، قاقای منداڵەکە بەرز دەبووەوە و دەیگوت: «ئەی سەگباب خێو!». دەتگوت هەموویان لەگەڵی ڕێک کەوتبوون و بۆ ئەو کارە هانیان دەدا. هەموو پێدەکەنین. هەموو لە پێناو خودا لێیان دەدا و پێیان وابوو کارێکی ئاسایی بوو لە سەگێکی گلاو بدەن کە دینیش نەفرەتی لێ کردووە.

لە کۆتاییدا منداڵە شیربرنج فرۆشەکە ئەوەندەی ئازاردا تا سەگەکە ناچار بوو بۆلای کۆڵانێک ڕابکات، کە بەرەو لای بورجەکە دەچوو. بە سکی برسیی و بەزەحمەت خۆی گەیاندە پەنا جۆگە ئاوێک و سەری وەچەمۆڵان کرد، زمانی دەرکێشا و لە حاڵی بوورانەوەدا چاوی بڕییە شیناوەردێک کە لەبەردەمی کەرۆێشکەی دەکرد. زۆر ماندوو بوو، لەشی ژانی دەکرد. بۆنی جۆراوجۆری شیناوەرد و تاکەپێڵاوێکی کۆن و تەڕ لەبەرلووتیدا، بیرەوەرییەکی دوور و تێکەڵی زیندوو دەکردەوە. هەرجارێک کە لە شیناوەردەکە ورد دەبووەوە ئارەزووی غەریزەیی وشیار دەبووەوە و بیرەوەرییەکانی سەرلەنوێ لە مێشکیدا زیندوو دەبوونەوە، بەڵام ئەم جارە، هەستەکەی ئەوەندە بەهێز بوو، دەتگوت دەنگێک لەبن گوێیدا دێت و بۆ هەستانەوە هانی دەدا. زۆر حەزی دەکرد لەناو ئەو شیناوەردە غار دا و بازبازێن بکا.

ئەوە هەستێکی بۆماوەیی بوو، چونکە باب و باپیرانی لە سکۆتلەند بە ئازادی لەناو شیناوەرددا ژیابوون، بەڵام هێندە ماندوو و کەلەلابوو، توانایی نەبوو تەکان بدا. هەستێکی پڕ لە ئازار تێکەڵ لە بێهێزی بەسەریدا زاڵ بوو. هەندێ هەستی بزربووی تێدا وە هەژان هاتبوون. پێشتر ئەرک و بەندوباوی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بوو. بە ئەرکی خۆی دەزانی بە دەنگی خاوەنەکەیەوە بچێ، خەڵکی غەوارە، یان سەگی بێگانە لە ماڵی خاوەنەکەی دەربکا، یان چۆن یاری لەگەڵ منداڵی خاوەنەکەی بکات، چۆن کلکەسووتە بۆ خەڵکی ئاشنا بکاو چۆن لەگەڵ خەڵکی غەریبە بجووڵێتەوە و لەکاتی خۆیدا خواردن بخوات و لەکاتی دیاریکراویشدا چاوی لە لاواندنەوە بێت، بەڵام ئێستا هەموو ئەو ئەرک و بەندانەی لەسەر هەڵگیرابوون.

هەموو هەوڵ و کۆششی ئەوە بوو، بە ترس و لەرزەوە لەناو زبڵدا لەتکەنانێک وەبینێ و هەموو ڕۆژەکەش لێی بدرێ و بقرووسکێنێ. ئەوە بووبووە تاکە چەکی خۆپاراستنی. لە

پێشدا سەگێکی بەغیرەت و خاوێن و بزۆز بوو، بەڵام ئێستا خوێڕی و ترسنۆک بووبوو، گوێی لەهەر شتێک بوایە، یان هەر شتێک لە پەنای جووڵابا، دەلەرزی، تەنانەت لە دەنگی خۆیشی دەترسا. خووی بە زبڵ و پیسایی گرتبوو، لەشی دەخورا، نەیدەتوانی کێچەکان لەخۆی دەربکا و خۆی بلێسێتەوە. وای هەست دەکرد بووەتە بەشێک لە خۆڵ و خاشاک، هەموو هەستێکی تێدا مردبوو.

لەوکاتەی کەوتبووە ئەم جەهەننەمەوە، دوو زستان تێپەڕیبوو کە ژەمێک تێری نەخواردبوو، شەوێکیش بە ئاسوودەیی نەخەوتبوو، هەوەس و هەستی دامرکابوو، کەسێک دەستی بەسەریدا نەهێنابوو، کەسێک نەبوو تەماشای چاوانی بکات، هەرچەندە خەڵکەکەی ئێرەش بەڕواڵەت هەر لە خاوەنەکەی دەچوون، بەڵام وا دەردەکەوت هەست و کردەوەیان لەگەڵ خاوەنەکەی ئەرز و ئاسمان لێک جیاواز بن. وەک ئەوە وابوو ئەو کەسانەی پێشتر لەگەڵیان ژیا بوو، لە دنیای ئەو نزیکتربوون، باشتر لە دەرد و ئازارەکانی دەگەیشتن و باشتر ئاگایان لێ بوو.

لەنێوان ئەو بۆنانەی بۆنی کردبوون، ئەو بۆنەی لە هەمووان زیاتر گێژی دەکرد، بۆنی شیربرنجی کوڕیژگەکە بوو، ئەو شلەمەنییە زۆر لە شیری دایکی دەچوو، دەورانی گچکەیی وەبیر دێنایەوە. لەناکاو حاڵەتێکی سەیری بەسەردا هات، پێی وابوو کاتێک تووتکەبوو گوانی دایکی دەمژی ئەو شیرە گەرم و وزەبەخشەی دەچووە ناو دەمی و بە زمانی دەیلستەوە و خاوێنی دەکردەوە. بۆنی توندی باوەشی دایکی و پەنای براکەی دەهاتە بەرلووتی، بۆنی توند و گرانی دایکی و شیرەکەی لە لووتیدا زیندوو دەبووەوە.

کاتێک تێر شیر دەبوو، لەشی گەرم دادەهات و دەحەسایەوە، وازی لە گوانی دایکی دێنا و خەوێکی قووڵ دەیبردەوە. چێژ و خۆشی لەوە زیاتر نەبوو کە لەخۆڕا گوانی دایکی دەخستە ناو پەنجەکانی و بێ هیچ زەحمەتێک شیریان لێ دەهات. جەستەی کوڵکنی براکەی و مڕەمڕی دایکی هەموویان بۆ ئەو لاواندنەوە بوون. کوختە دارینەکەی پێشووی وەبیر هاتەوە کە لە باخچە سەوزەکەدا لەگەڵ براکەی پێکەوە یارییان تێدا دەکرد.

گوێچکەکانی دەگەست، وە عەردی دەکەوتن و هەڵدەستانەوە و غاریان دەدا، پاشان یەکێکی دیکە پەیدا دەبوو، ئەویش منداڵی خاوەنەکەی بوو. بەناو باخەکەدا بەدوایدا غاری دەدا، دەوەڕی، شاقەلی دەگرت، بەتایبەت لاواندنەوەی خاوەنەکەی و ئەو کڵۆ قەندانەی دەیدانێ هەرگیز لەبیری نەدەچوونەوە، بەڵام کوڕی خاوەنەکەی زیاتر خۆش دەویست، چونکە یاری لەگەڵ دەکرد و هەرگیز لێی نەدەدا، پاشان لەناکاو دایکی و براکەی لێ بزربوون، تەنیا خاوەنەکەی و ژن و کوڕ و نۆکەرە پیرەکەی مابوونەوە. بۆنی هەر کامێکیانی لێک جیادەکردەوە و لە دوورەوە دەنگی هەنگاوەکانی دەناسین. لەکاتی نانخواردن بە دەوری مێزەکەدا دەگەڕا و بۆنی بە خواردنەکانەوە دەکرد، هەندێ جار ژنی خاوەنەکەی بێ مۆڵەتی مێردەکەی پاروویەکی دۆستانەی دەدایە، پاشان نۆکەرەپیرەکە دەهات و بانگی دەکرد: «پات... پات...» لە لای کولانەکە خواردنەکەی بۆ لە قاپێکی تایبەت دەکرد.

سەرخۆش بوونی پات بوو بە هۆی چارەڕەشی و سەرگەردانی، لەبەرئەوەی خاوەنەکەی نەیدەهێشت پات لە ماڵ بچێتەدەرێ و وەدوای دێڵە بەبایان بکەوێ. بەڕێکەوت ڕۆژێکی پاییزی خاوەنەکەی لەگەڵ دوو کەسی دیکە کە پات دەیناسین و زۆرجاریش هاتبوونە ماڵیان، سواری ئۆتۆمبێل بوون، بانگی (پات)یشیان کرد و لەلای خۆیان سواریان کرد. چەند جاری دیکەش پات لەگەڵ

خاوەنەکەی بەسواری ئۆتۆمبێل سەفەری کردبوو، بەڵام ئەوڕۆژە سەرخۆش بوو، لەرزوتایەکی تایبەتی لێ بوو.

دوای چەند سەعات ڕۆیشتن لە هەمان مەیدان دابەزین. خاوەنەکەی لەگەڵ ئەو دوو کەسەی لەگەڵیدا بوون بە هەمان کۆڵاندا ڕۆیشتن کە بە پەنای بورجەکەدا تێدەپەڕی، بەڵام بە ڕێکەوت بۆنی دێڵەسەگێک، هەوای بۆنی هاوڕەگەزی کە پات بەدوایدا دەگەڕا لەناکاو شێت و هاری کرد. بەرەبەرە بۆنی هەڵگرت تا سەرەنجام بە جۆگەلە ئاوێکدا چووە ناو باخەکە.

نزیکی ئێواریٚ دووجار گوێی لە دەنگی خاوەنەکەی بوو کە بانگی دەکرد: «پات... پات...» ئەریٚ بەڕاست دەنگی ئەو بوو، یان گوێی دەزرینگایەوە؟

ئەگەرچی دەنگی خاوەنەکەی کاریگەرییەکی زۆری تێ دەکرد (چونکە هەموو ئەمەک و ئەرکەکانی وەبیر دەهاتنەوە و خۆی بە ملکەچ دەزانی)، بەڵام هێزێکی گەورەتر لە هێزی دنیای دەرەوە ناچاری کردبوو لەگەڵ دێڵە سەگەکە بێت، بەجۆرێک وای هەست دەکرد گوێیەکانی لە ئاست دەنگی دنیای دەرەوە گران بووبوون. هەستێکی بەهێز تێیدا وەخەبەر هاتبوو، بۆنی دێڵەسەگەکە ئەوەندە بەهێز بوو، گێژی کردبوو.

هەموو دەمارەکانی، هەموو هەست و هۆشی لە دەستەڵاتی ئەو چووبوونە دەریٚ و هیچ دەستەڵاتێکی نەمابوو، بەڵام هێندەی پێ نەچوو بە گوپاڵ و دەسکەپێمەڕە هاتنە وێزەی و لە باخەکە وەدەریان نا.

پات گێژ و شەکەت و ماندوو، بەڵام سووک و ئاسوودە، کاتێک هاتەوەسەرخۆ وە دوای خاوەنەکەی کەوت. لە چەند کۆڵانێک بۆنی ئەوانی کرد. سەری لێ دەدان و ناوەناوە نیشانەیەکیشی دادەنا. تا کەلاوەکەی دەرەوەی ئاوایی ڕۆیشت، دیسان گەڕایەوە، چونکە پێی وابوو خاوەنەکەی گەڕاوەتەوە بۆ مەیدان، بەڵام لەویٚ بۆنی خاوەنەکەی لەگەڵ بۆنەکانی دیکەی لێ بزر بوو. ئایا خاوەنەکەی ڕۆیشتووە و بەجێی هێشتووە؟ ترسی ڕێنیشت. پات چۆن دەیتوانی بێ خاوەن و خودان بژی؟ بەڵام لە هەمان ساتیشدا دڵنیا بوو خاوەنەکەی بەدوایدا دەگەڕێت. بەترسەوە بە چەندان شەقامدا ڕای کرد، بەڵام هەوڵەکەی بێهوودە بوو.

سەرەنجام شەویٚ، ماندوو و هیلاک هاتەوە مەیدانیٚ، بەڵام خاوەنەکەی بێسەر و شوێن بوو. چەند جارێکی دیکەش بە ئاواییدا گەڕا، پاشان چووەوە بەردەم ئەو جۆگەلە ئاوەی دێڵەسەگەکەی لێ دۆزیبووەوە، بەڵام پێش جۆگاکەیان بە کەڵەکەبەرد هەڵچنیبوو. پات بە چنگەڕنە هەوڵی دەدا بتوانیٚ بچێتە ناو باخەکە، بەڵام بێ سوود بوو. دوای ئەوەی هیوا بڕاو بوو، هەرلەویٚ وەرکەوت.

نیوەشەو پات لە دەنگی نووزەنووزی خۆی وەخەبەر هات. ترسا و ڕاپەڕی، چەند کۆڵانێک گەڕا، بۆنی بە دیوارەکانەوە دەکرد و سەرگەردان بە کۆڵانەکاندا دەخولایەوە. سەرەنجام برسێتی هێرشی بۆ هێنا. گەڕایەوە مەیدانەکە. بۆنی گۆشت و بۆنی نانی گەرم و ماست، هەر هەموویان تێکەڵ بووبوون، هەر لەوکاتەدا هەستی دەکرد تاوانبارە و چۆتە سەر موڵکی خەڵکی، ئێستا دەبیٚ لەو بنیادەمانەی کە لە خاوەنەکەی دەچوون سواڵ بکات و ئەگەر مێڵێکی لێ پەیدانەبیٚ و ڕاوی بنیٚ، بەرەبەرە مافی خاوەنداریەتی ئەو شوێنە وەدەست بێنیٚ. ڕەنگە یەکێک لەو کەسانەی خواردنیان بە دەست بوو، ڕاییگریٚ.

بە پارێز و ترس و لەرزەوە چووەپێش دووکانی نانەوایەک کە تازە دەکرایەوە و بۆنێکی توندی هەویری برژاوی لێ بڵاودەبووەوە. کابرایەک کە نانەکەی خستبووە بن هەنگڵی بانگی کرد: «وەرە... وەرە!» دەنگەکەی بەلاوە غەریب بوو!

نانێکی گەرمی هاویشتە بەردەمی. پات دوای کەمێک دوودڵی، نانەکەی خوارد و کلکەسووتەی بۆ کرد. کابرا، نانەکەی لەسەر سەکۆی دووکانەکە دانا و بە ترسەوە دەستی بەسەریدا هێنا، پاشان بە هەردوو دەستی قەڵادەکەی لە ملی کردەوە. هەستی بە ئاسوودەیی کرد! وەک ئەوە وابوو هەموو بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانیان لە ملی پات داماڵیبێ. لەگەڵ ئەوەی کلکەسووتەی دەکرد و لە خاوەن دووکانەکە نزیک کەوتەوە، پێڵەقەیەکی توندی وەکەلەکەی کەوت و بە قرووسکەقرووسک دوورکەوتەوە. خاوەن دووکانەکە چووە سەرجۆگەئاوەکە و دەستی ئاوەگڵ کردن. هێشتا قەڵادەکەی دەناسییەوە کە بە دووکانەکە هەڵواسرابوو.

پات لەو ڕۆژەوە بێجگە لە پێلەقە و خڕکە بەرد و گۆپاڵ هیچی دیکەی لەم خەڵکە پێ نەگەیشتبوو. دەتگوت هەموویان دوژمنی بابەکوشتەی ئەون و حەز بە ئازاردانی دەکەن.

پات وای هەست دەکرد کە لە دنیایەکی تازەدایە، نە ئەوێی بە هی خۆی دەزانی و نە کەسیش پەی بە هەست و ئاواتەکانی ئەو دەبرد. چەند ڕۆژی سەرەتای بە سەختی و کوێرەوەری تێپەڕاند، پاشان وردەوردە ڕاهات. بێجگە لەسەری کۆڵانەکەی لای ڕاست، جێگەیەکی دیکەشی دۆزیبووەوە کە زبڵ و زاڵیان لێ فڕێ دەدا، لەناو زبڵەکەدا هەندێ پارووی خۆشی دەدیتنەوە وەک، پارچە ئێسقان و چەوری و سەلکە ماسی و زۆر شتی دیکەش، ئەو بۆی لێک نەدەکرانەوە. ئەگینا هەموو ڕۆژێ لەبەردەرگای نانەوا و قەسابەکە دەخولایەوە. چاوی لە دەستی قەساب بڕیبوو، بەڵام زیاتر لە گۆشت و ئێسقان، تێی هەڵدەدرا.

لەگەڵ ژیانی تازەی ڕاهاتبوو. لە ژیانی ڕابوردووشی تەنیا هەندێک تارمایی لێڵ و هەندێک بۆنی بۆ مابووەوە، هەر کاتێک زۆر پەرێشان و هیلاک دەبوو، بە نیازی دیتنەوەی ئەو بەهەشتە بزربووەی، دڵخۆشی خۆی دەدایەوە و بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمی دەهاتنەوە بەرچاو.

بەڵام ئەو شتەی لە هەموویان زیاتر پاتی ئازار دەدا، پێویستی بە لاواندنەوە بوو. لەو منداڵە دەچوو کە هەمیشە ژێر چەپۆک بووبێ و جنێوی پێ درابێ، بەڵام هێشتا هەستی ناسکی دانەمرکابێ، بەتایبەتیش بەو ژیانی تازەی کە پڕ بوو لە ڕەنج و کوێرەوەری، زیاتر پێویستی بە لاواندنەوە هەبوو. چاوەکانی بۆ لاواندنەوە دەپاڕانەوە و ئامادەبوو گیانی خۆی لەپێناودا بەخت بکات، لەکاتێکدا کەسێک خۆشەویستی بۆ دەربڕێ و دەستێکی بەسەریدا بێنێ، ئەویش خۆشەویستی بۆ نیشان بدا و گیانفیدایی بۆ بکات، بەڵام دیاربوو کەس گرنگی پێ نەدەدا و کەس پشتیوانی لێ نەدەکرد، تەماشای هەر چاوێکی دەکرد، بێجگە لە ڕق و کینە هیچ شتێکی دیکەی لێ نەدەخوێندنەوە، هەر هەوڵێکیشی دەدا بۆ سەرنج ڕاکێشانی ئەو مرۆڤانە، دەتگوت زیاتر تووڕە و بێزاریان دەکات.

لەوکاتەی کە لەناو جۆگاکە وەنەوزی دەدا، چەند جارێک ڕاچەنی، دەتگوت چاوی ڕەشکەوپێشکان دەکەن. لەوکاتەدا هەستی بە برسێتییەکی زۆر دەکرد، بۆنی کەبابی بۆ دەهات. برسێتییەکی غەددار ئاگری لە هەناوان بەردەدا، بەجۆرێک بێ هێزی و ئازارەکانی دیکەی لەبیر چووبوونەوە. بەزەحمەت هەستاو بە ترسەوە بۆلای مەیدانەکە وەڕێ کەوت.

لەوکاتەدا ئۆتۆمبێلێک بە گڕەگڕ و تەپوتۆزەوە گەیشتە مەیدانی وەرامین. کابرایەک لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی، چوو بۆلای پات و دەستێکی بەسەریدا هێنا. ئەو پیاوە خاوەنەکەی نەبوو. پات فریوی نەخواردبوو، چونکە باش بۆنی خاوەنەکەی خۆی دەناسی، بەڵام ئەوە چۆنە کەسێک پەیدابووە و دەیلاوێنێتەوە؟ پات کلکەسووتەی کرد و بە گومانەوە تەماشای کرد.

ئایا فریوی نەخواردبوو؟ کابرا دیسان گەڕایەوە و دیسان دەستی بەسەریدا هێنا. پات وەدوای کەوت. زیاتر سەری سووڕما، چونکە ئەو کابرایە چووە ژوورێک کە ئەو باش دەیناسی و بۆنی خواردنی لێ دەهات. لەسەر نیوتەختێکی پەنا دیواری دانیشت. نانی گەرم و ماست و هێلکە و خواردنی دیکەشیان بۆ هێنا. کابرا پاروەنانی بۆ لە ماستەکە هەڵدەسوو و دەهاویشتە پێشی. پات لەپێشدا بەپەلە، پاشان بەکاوەخۆ نانەکانی دەخوارد و چاوەڕەش و پڕ لە تەمەنناکانی بە ئاماژەی سپاس لە کابرا بڕیبوو، کلکەسووتەی دەکرد. ئایا بێداربوو، یان خەونی دەدیت؟ پات ژەمێکی باشی خواردبوو، بێ ئەوەی ئەو ژەمەی بە کوتەک تەواو بێت. ئایا دەکرا خاوەنێکی تازەی پەیداکردبێ؟ کابرا هەستا و بۆ لای کۆڵانی بورجەکە وەڕێ کەوت، کەمێک وەستا، پاشان بە کۆڵانە پێچاوپێچەکاندا تێپەڕی. (پات)یش وەدوای کەوت، تا لە ئاوایی وەدەرکەوت، گەیشتنە ئەو کەلاوەیەی کە چەند دیواری ڕووخاوی هەبوو، خاوەنەکەشی تا ئەوێ ڕۆیشتبوو. ڕەنگە ئەو بنیادەمانەش هەر بەدوای مێینەی خۆیاندا دەگەڕان! پات لەپەنا سێبەری دیوارێک چاوەڕوان بوو، پاشان بە ڕێگایەکی دیکەدا گەڕانەوە مەیدانەکە.

کابرا دیسان دەستی بەسەریدا هێنا و دوای گەڕانێکی کەم بە دەوری مەیداندا، چووە ناو ئۆتۆمبێلێک کە پات دەیناسی. پات غیرەتی ئەوەی نەبوو سواربێ، لەپەنا ئۆتۆمبێلەکە ڕاوەستابوو و تەماشای دەکرد.

لەناکاو ئۆتۆمبێلەکە بەناو تەپوتۆزدا وەڕێ کەوت، پاتیش بە گورجوگۆڵی بەدوای ئۆتۆمبێلەکەدا غاری دا. نا، نەیدەویست ئەم جارە ئەو پیاوەی لەکیس بچێ. وەهانکەهانک کەوتبوو لەگەڵ ئەوەی تەواوی جەستەی وەژان کەوتبوو، بە هەموو هێزیەوە بەدوای ئۆتۆمبێلەکەدا غاری دەدا. ئۆتۆمبێلەکە لە ئاوایی دوورکەوتەوە و ڕێگای بیابانی گرتەبەر. پات یەک دووجار خۆی گەیاندە ئۆتۆمبێلەکە، بەڵام دیسان بەجێ ما. تەواوی هێزی خۆی کۆکردەوە و بە نائومێدی قەڵەمبازی هاویشت، بەڵام ئۆتۆمبێلەکە لەو خێراتر بوو. ئەو بەهەڵە چوو بوو، سەرەڕای ئەوەی نەیدەگەیشتێ، هیلاک و ماندووش بووبوو. دڵەکوتەی بوو. لەناکاو هەستی کرد جەستەی لەژێر دەستەڵاتی ئەودا نەماوە و ناتوانێ بجووڵێتەوە. هەموو هەوڵەکانی بێ سوود بوون. هەتا نەیدەزانی بۆچی ڕای کردووە، نەیدەزانی دەچێتە کوێ، نە ڕێگای چوونەپێشی هەبوو نە ڕێگای گەڕانەوە. ڕاوەستا، وەهانکەهانک کەوتبوو، زمانی دەرکێشابوو. بەرچاوی تاریک بووبوو. سەری نەوی کردبوو، بە زەحمەت لەپەنا جادەکە دوورکەوتەوە و لە جۆگەلەیەکی پەنا مەزرایەک وەرکەوت، ورگی لەسەر زیخە گەرم و شێدارەکە هەڵخست، بە حەزی غەریزەیی خۆی هیچ کاتێک فریوی نەدەخوارد، هەستی بەوەکرد کە ئیتر ناتوانێ بجووڵێتەوە. سەری لەگێژەوە هات، هەست و بیری تێکەڵ پێکەڵ بووبوون، ئازارێکی زۆری لە هەناویدا هەست پێ دەکرد و چاوەکانی بەحاڵ دەترووسکان. لەناو لەرزین و تلانەوەدا دەست و پێی بێ هەست دەبوون. ئارەقەیەکی سارد تەواوی جەستەی داگرت، کە جۆرێک فێنکایی لەگەڵ بوو...

لای ئێوارێ سێ قەلەڕەشەی برسی بەسەر (پات)دا دەفڕین، چونکە لە دوورەوە بۆنیان کردبوو. یەکێکیان بە ئەسپایی لە نزیکی نیشتەوە، بەسەرنجەوە لێی ڕاما، کاتێک دڵنیابوو هێشتا نەتۆپیوە، دیسان هەڵفڕیەوە. ئەو سێ قەلەڕەشە بۆ دەرهێنانی چاوەڕەشەکانی پات هاتبوون.

سەرچاوە:
کتێبی: (یادگاری خشکسالی های باغ) تورج رهنما. انتشارات نیلوفر- سال ١٣٧٦- ص١٣٤ - ١٤٣.